# ڕەنگدانەوەی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان

ارام انور خورشید

aram.anwar@garmian.edu.krd

، مامۆستای یاریدەدەر، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆ گەرمیان

ریکەوت میرویس حسین

Rekawt.hussin@univsul.edu.iq

مامۆستای یاریدەدەر،کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سیدصادق- زانکۆی سلێمانی

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١

بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

## پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی شوناسی نەتەوەی کورد لە بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی(شیکردنەوەی ناوەڕۆک) بەکارهێنراوە. کۆمەڵگای توێژینەوە پێکهاتووە لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سێ پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی بازنەی دوو بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥). دوای خوێندنەوەیەکی ورد و قوڵ بۆ بڕیارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی دوو، توێژەران چەندین نیشانە و تایبەتمەندی مێژوویی و جوگرافی تایبەت بە شوناسی نەتەوەیی، کە لەو بڕیارلێدراوانەدا ئاماژەی پێکراوە، دەخەنەڕوو. توێژینەوەکە لە کۆتاییدا گەیشتووەتە کۆمەڵە دەرئەنجامێک لەوانە: لە پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوو، بە چەندین نیشانەی گرنگ و تایبەت لە بڕیارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژە بە شوناسی نەتەوەی کورد کراوە، لەڕووی مێژووییەوە هەریەک لەو نیشانانە بریتین لە ساڵنامەی کوردی، جەژنی نەورۆز، شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، میرنشینەکان، کۆماری کوردستان، کەسایەتییە ناودارەکان، نەتەوە دێرینەکان، ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، شوێنەوار و ئەشکەوتەکانی کوردستان، مۆزەخانە...هتد، لە ڕووی جوگرافیشەوە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی بریتین لە زاراوەی هەرێمی کوردستان، شوێن و پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان، شارە دێرینەکانی کوردستان، خاکی هەرێمی کوردستان، ڕووەکی خۆرسک، سەرچاوەکانی ئاو، بەروبوومی پیشەسازی، کانزای جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان...هتد، هەریەک لەم نیشانانەش کاریگەری بەرچاوی هەیە لە ناساندنی شوناسی نەتەوەی کورد لای قوتابیان، ڕەهەندی مێژووی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی زیاتری داوە بە شوناسی نەتەوەیی لە چاو ڕەهەندی جوگرافی. هەروەها کەسایەتییە ناودارەکان لە بڕیارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا پشکی شێریان بەرکەوتووە هۆکاری سەرەکین لە ناساندی نەتەوەی کورد بە قوتابیان ئەو کەسایەتیانەش بریتین لە کەسایەتی (سیاسی، ئاینی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی وەکو شاعیران). کتێبی بڕیارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی چوارەم کەمترین نیشانەی شوناسی نەتەوەیی تێدایە، بەراورد بە پۆلی پێنجەم و شەشەم. توێژەران چەند ڕاسپاردەیەک بۆ لایەنی پەیوەندیدار

sjh@univsul.edu.iq

دەخەنەڕوو بەو پێیەی کتێبی بریارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەم کەمترین نیشانەی ناسنامەی نەتەوەیی تێدایە، پێداچوونەوەی جدی بۆ بکرێت. هەروەها گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و چەسپاندن و گرنگیدانی زیاتر بەبۆنە نیشتیمانییەکان وەکو (ڕاپەڕین و ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی جلی کوردی و ساڵی نوێی کوردی)و ناساندنی بە قوتابیان بۆ ئاگاداربوون لەمێژووی میللەتەکەمان.

**کلیلە وشە**: (شوناس، شوناسی نەتەوەیی، بریارلێدراوی خوێندن، بابەت کۆمەڵایەتییەکان)

**بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە:**

**پێشەکی:** شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەدا بەزرترین و سەرەکیترین پێکهاتەی شوناسی گشتییە، کە لەژێر کاریگەریی فاکتەرە جۆراوجۆرەکاندا دروستبووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ماوەی ژیانی مرۆڤدا چەند هۆکارێکی وەک خێزان، هاوڕێ، قوتابخانە، زانکۆ و سۆشیال میدیا...هتد، فاکتەری گرنگی بەکۆمەڵایەتیکردنن. شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی دامەزراوە گەورەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون وەک خێزان، هاوتەمەن، قوتابخانە و میدیا و پشتبەستن بە توانا مەعریفیەکان پێکدێت و فراوانتر دەبێت (Barrett,2007:84 ). هاوکات ڕۆڵی پەروەردە هاوشانی دامەزراوەی خێزان، شایەنی سەرنجن. کاریگەری ئەم دامەزراوە لەسەر دڵ و دەروونی تاک لە گرنگترین جۆری کاریگەری کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. دەکرێت بوێرانە بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە ڕۆڵی ئەم دامەزراوە گەورەیە لە داڕشتنی شوناسی نەتەوەیی و پاراستن و گواستنەوەی میراتی کولتووری گەلان بۆ نەوەکانی داهاتوو و دروستکردنی هەستی خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمانپەروەری و دواجار زیندووکردنەوە و پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی، بە بەراورد بە دامەزراوەکانی تر حاشا هەڵنەگرن (خدایار و فتحی،1387،28). بریارلێدراوی خوێندن ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ئاشناکردنی قوتابیان بە شوناسی نەتەوەیی و تاوەکو ناوەرۆکی بریارلێدراوی خوێندن زیاتر گرنگی بدات بە شوناسی نەتەوەیی قوتابیان زیاتر ئاشنای ئەو بابەتە دەبن و گرنگی پێدەدەن و هەوڵی پاراستنی شوناسی خۆیان دەدەن.

**کێشەی توێژینەوە:**

شوناس شتێکی نەزانراوە و پرۆسەی ناسینەوەیە و بە درێژایی ژیانی مرۆڤ بەردەوام دەبێت، ناسینەوەی مرۆڤەکان لە منداڵییەوە دەست پێدەکات و لە گەنجیدا بەردەوام دەبێت، بۆیە گرنگترین قۆناغی دروستبوون و ناسینەوەی شوناس، قۆناغی لاوێتی و گەنجییە، فێرکارییەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤایەتی بە ئاسانی لەلایەن کەسەکەوە لەبیرناچێتەوە، وەک ئەو نووسراوانەی لەسەر بەردەکان هەڵکەندراون. لە ڕوانینی سەرەتادا وا دیارە ئەرکی دامەزراوەی پەروەردە، پەروەردەکردنی کۆمەڵە کەسێکە، بەڵام لە ڕاستیدا گرنگترین و بنەڕەتیترین کاری ئەم دامەزراوەیە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا پەروەردەکردنی کەسانێکە، کە ئارەزووی نیشتمانپەروەری و ئاگاداری بەها نەتەوەیی و ئاینەکان و پابەندی نیشتمانن. کەسانی خاوەن ئەم تایبەتمەندییانە دەتوانن زانستەکانیان لە ڕێگای گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی وڵات و ئایینەکەیان بەکاربهێنن و بەهۆی هەستکردن بە پابەندبوون و وابەستە بوونیان بە وڵاتەکەیانەوە، لەم ڕێگەیەشدا هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنەگەڕ (جعفرزادەپور،١٣٨٩، ٣٢). ئەگەر ئەرکی پەروەردەی قوتابخانە بکەینە سێ تەوەر: مامۆستا، ژینگەی پەروەردەیی و کتێبی خوێندن،

sjh@univsul.edu.iq

بەو پێیەی کتێبی خوێندن لە سەرانسەری وڵاتدا وەک یەکن و ئامادەکاری و دەستکاریکردنیان چاودێری دەکرێت. دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لەم کتێبانە بکرێت بۆ بوون یان نەبوونی پێکهاتەکان، کە شوناسی نەتەوەیی تێیاندا بەهێزتر دەکەن. توێژەران هەوڵدەدەن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە گرفتی توێژینەوەکە دەیوروژێنێت، ئایا شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی دووەم ڕەنگی داوەتەوە؟

**گرنگی توێژینەوە:**

**یەکەم:گرنگی تیۆری**

١ .ڕوونکردنەوەی چەمکی شوناسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە و پێکهاتە سەرەکییەکانی شوناسی کوردی.

٢ .شیکردنەوەی کاریگەری سیستەمی پەروەردە لەسەر دروستکردن و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی لای نەوەی نوێ.

٣ .پیشاندانی پەیوەندی نێوان ناوەڕۆکی پەروەردەیی و بنیاتنانی کەسایەتی نەتەوەیی لە قۆناغێکی هەستیاری تەمەنی منداڵاندا.

٤ . دەرخستنی گرنگی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی بەها کولتووری و نەتەوەییەکان.

**دووەم:گرنگی پراکتیکی**

١ .دەستنیشانکردنی کەموکورییەکانی کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی پێدانی گرنگی بە شوناسی نەتەوەیی کورد.

٢ .یارمەتیدانی بەرپرسانی پەروەردە و دانەرانی کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەرەپێدانی ناوەڕۆکی پەروەردەیی کە باشتر خزمەت بە شوناسی نەتەوەیی کورد بکات.

٣ .پێشکەشکردنی ئاراستەی نوێ بۆ مامۆستایان لە چۆنیەتی وانەوتنەوەی بابەتەکان بە شێوەیەک کە شوناسی نەتەوەیی کورد بەهێز بکات.

٤ .دەستەبەرکردنی بنچینەیەکی زانستی بۆ پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە بەرەو پەروەردەیەکی نیشتمانی بەهێزتر.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١. شیکردنەوەی ڕەهەندی مێژوویی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.

sjh@univsul.edu.iq

٢. شیکردنەوەی ڕەهەندی جوگرافی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری توێژینەوەکە خۆی لە سێ بواردا دەبینێتەوە، کە بریتیین لە:

1. سنوری شوێن: سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.
2. سنوری کات: ئەو ماوەیە دەگرێتەوە، کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، کە بریتییە لە (١\٥\ ٢٠٢٥ )بۆ ٢٥\ ١٢\ ٢٠٢٥).

٣.سنوری بابەت: ڕەنگدانەوەی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.

**ناساندنی چەمکەکان:**

**١- شوناس**

**فیاض و قوشچی(١٣٩٠)**

شوناس وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ چییە و کێیە، لە ڕاستیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە هەر تاکێک لە تاکێکی دیکە جیادەکاتەوە (فیاض و قوشچی،١٣٩٠، ٨٩).

**مجتهدزاده(١٣٧٧)**

شوناس واتە ناساندن و ناسینەوە، واتا مرۆڤ لەبەردەم کەسێکی تردا خۆی دەناسێتەوە و لەسەر ئەم بنەمایە خۆی بە ئەوانی تر دەناسێنێت (مجتهدزاده،١٣٧٧، ١٢٩).

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتیە لەسەرجەم ئەو نیشانە و تایبەتمەندییانەی کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی بازنەی دووەم، کە شوناسی نەتەوەی کوردی لە نەتەوەکانی تر جیادەکاتەوە.

**٢- شوناسی نەتەوەیی**

**ایزدی و دیگران(١٣٨٨)**

شوناسی نەتەوەیی هەمەلایەنەترین و لەهەمانکاتدا ڕەواترین ئاستی شوناسە لە هەموو سیستمە کۆمەڵایەتیەکاندا (ایزدی و دیگران،١٣٨٨،116).

**الطيار(٢٠٢٠)**

کۆمەڵێک تایبەتمەندی و سیفەتن، کە تایبەتن بە کۆمەڵگایەک، ئەم سیفەتانە لەئەنجامی خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان دەردەکەون و لە دیارترینی ئەو سیفەتانەش بەشداریی کۆمەڵێک مرۆڤە لە یەک شوێنی جوگرافی و بەشداریکردنیان لە مێژوو و زانستدا، کە نوێنەرایەتی نیشانەی ڕەفتاری دەکات، هەروەها بەشداریکردنیان لە ماف و ئەرکەکاندا (الطيار،٢٠٢٠، ٨٥).

**پێناسەی ڕێکاری:** کتێبی بریارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دووەم تایبەتمەندی و سیفەتگەلێکی ڕەفتاری و ماددین، کە کۆمەڵەیەکی گەورەی تاک لە کەسانی دیکە جیادەکەنەوە، کە لە شوێنێکی جوگرافیای دیاریکراودا لە دەوری سەرکردە و هێماکان نیشتەجێ بوون و لەگەڵیاندا هاوبەشن لە خۆشەویستی و بنیاتنانەوە و دروستکردنی مێژووی ئەم نیشتمانە، کە بووەتە زێدی خۆیان و دەرکەوتنی ئەو تاکانە.`

**٣- بریارلێدراوی خوێندن:**

**سمين(٢٠١٩)**

ئەو زانیاری و مەعریفەیە، کە لەسەر قوتابی پێویستە لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا فێریان ببێت(سمين،٢٠١٩، ٣).

**سلێمان(١٩٨٢)**

بریارلێدراوی خوێندن ئەو بابەتانەیە، کە قوتابی لە ساڵێکی خوێندندا وەریان دەگرێت و لە کۆتایی ساڵدا خۆی بۆ تاقیکردنەوە ئامادەدەکات(سلێمان،١٩٨٢، ٩٦).

**پێناسەی ڕێکاری:** کۆمەڵێک زانست و زانیاریی جۆراوجۆرە لە دووتوێی کتێبێکدا لەلایەن کۆمەڵێک پسپۆڕەوە لەوەزارەتی پەروەردەوە دانراوە، مامۆستایان لە ڕێگەی وانەوتنەوەوە بۆ قوتابیان شی دەکەنەوە و دەبێت قوتابیان نمرەی دەرچوونی تێدا بهێنن.

**٤- بابەتە کۆمەڵایەتییەکان:**

**سكرانی(٢٠٠٢)**

ئەو بابەتانەیە، کە زانیارییەکانی (جوگرافیا، مێژوو، پەروەردەی نیشتمانی، فەلسەفە و کۆمەڵناسی، زانستی دەرون، ئەنثرۆپۆلۆژیا، ئابووری...هتد) لەخۆدەگرێت(سكرانی، ٢٠٠٢، ١٩).

**ابراهيم و احمد(١٩٨٠)**

سەرجەم بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەی نیشتمانی و فەلسەفە و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، کە مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا ئاراستەی قوتابیانی دەکەن(ابراهيم، احمد، ١٩٨٠، ١٧).

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە بابەتەکانی مێژوو، جوگرافیا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە گرنگترین بابەتەکانی بڕیارلێدراوی خوێندنی قوتابخانەن، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە چەسپاندنی بەها کولتوورییەکان و شوناسی نەتەوەیی، لە ڕێگەی ناسینی ڕابردووەوە.

**بەشی دووەم:چوارچێوەی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشووتر**

**چەمکی شوناسی نەتەوەیی:**شوناس وشەیەکی عەرەبییە، کە لە وشەی (هو) بە واتای (ئەو) وەرگیراوە. شوناسی نەتەوەیی فاکتەری تەبایی و پێکهێنانی شوناسی بەکۆمەڵە لە نەتەوەیەکدا و جیاکردنەوەی تایبەتمەندی و ناسنامەکەیەتی لەکۆمەڵگاکانی تر. کاتێک ئێمە گرنگی بە پرسی شوناسی نەتەوەیی دەدەین، قسە لەسەر کەسایەتی ڕاستەقینەی گەلێک یان نەتەوەیەک دەکەین. ئەو سیفەت و کەسایەتیەی، کە باس لە تایبەتمەندی و ماف و ئەرکی خەڵکی یەک وڵات دەکات. شوناسی نەتەوەیی فاکتەرێکە دەتوانێت میللەتێک لەنێو گەلانی دیکەدا جیابکاتەوە و ببێتەهۆی سەربەخۆیی و گرنگی نەتەوەکەش بخاتەڕوو(محمدی و ئەوانی تر،١٣٩٧، ٢). شوناس، هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (من کێم) لە بواری تاکەکەسیدا، شوناسی کۆمەڵایەتی ناسێنەری ئەو بوار و خاک و ژیانە کۆمەڵایەتییە، کە کەسێک بە جێگرەوەی (ئێمە) خۆی بە قەرزار دەزانێت و پابەند دەبێت پێیەوە. یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکانی پرۆسەی دەستنیشانکردنی شوناسی منداڵ و هەرزەکار، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی دروستی واقیعە نەتەوەییەکانە لە پرۆگرام و بڕیارلێدراوەکانی خوێندندا، تا بتوانن بۆ تێگەیشتن لە هەوراز و نشێوی ڕابردووی وڵات و دیاریکردنی چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو داهاتوو پشتی پێ ببەستن (رون،١٣٩٠،6). پرۆگرامی خوێندن ئاماژەیە بۆ ناوەڕۆکی فەرمی و نافەرمی، پرۆسە، ناوەڕۆک، پەروەردەی ئاشکرا و شاراوە، کە لە ڕێگەیەوە فێرخواز بە ڕێنمایی قوتابخانە، زانیاری و لێهاتوویی پێویست بەدەستدەهێنێت، هەروەها ئامزوو و پێزانین و بەهاکانی خۆی دەگۆڕێت(ملکی،١٣٨٧، ٢٥).

**جۆرەکانی شوناس:**

شوناس چەندین جۆری هەیە، ئێمە لێرەدا چەندین جۆری شوناس دەخەینەڕوو(شوناسی کەسی، شوناسی کۆمەڵایەتی،شوناسی فەرهەنگی، شوناسی نەتەوەیی):

**یەکەم:شوناسی کەسی:**

ناسنامەی تاک بە پشتبەستن بە پەیوەندی خێزان هەڵدەسەنگێندرێت، بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی کۆمەڵگەی شار دادەنرێت. مرۆڤ بە درێژایی مێژوو خاوەنی ئەم جۆرە شوناسە بووە و بەپێی هەلومەرجی سەردەمی خۆی هەنگاوی ناوە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی و پشتی بە سەرچاوە مەعریفیەکان (ئاین، ئایدۆلۆژیای سیاسی، یادگەی بەکۆمەڵ، کلتوری...هتد)، بەستووە (حیدری ،1383، 345). لە ناسنامەی تاکدا مرۆڤ لەسەر بنەمای پێوەرە کەسییەکان و ژینگەیەکی بچووک خۆی دەناسێنێت، کە بە بڕوای هەندێک کەس خێزان دەگرێتەوە (احمدی،١٣٨٣،166). ناسنامەی کەسیی دەتوانرێت بە بنەڕەتیترین هۆشیاری ناسنامەی مرۆڤ هەژماربکرێت، کە بریتییە لە خۆناسین لەسەر بنەمای ڕەگەز و پەیوەندی لەگەڵ خێزاندا، منداڵ لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دایک

sjh@univsul.edu.iq

و باوک و کەسوکاری لە خێزانەوە قۆناغی یەکەمی بەدەستهێنانی ناسنامەکەی بەدەستدەهێنێت و ئەمەش دەتوانرێت بە یەکەم و باوترین ئاستی ناسنامە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەژماربکرێت (نصرآبادی ،1384، 76).

**دووەم:شوناسی کۆمەڵایەتی:**

شوناسی کۆمەڵایەتی بە پشتبەستن بە پێگەی تایبەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا پێناسە دەکرێت و بەو پێیەی کۆمەڵگا لە دامودەزگا و گروپی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووری پێکدێت، ناسنامەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دەتوانێ فرەیی بێت بە پشتبەستن بە سەربەخۆیی خۆیان بەم دامەزراوانە. مرۆڤ لە ڕێگەی هاوبەشییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەندامبوون لە پۆلە کۆمەڵایەتییەکاندا، تایبەتمەندی و بیرکردنەوەکان بەدەستدەهێنێت، کە شوناسی کۆمەڵایەتییەکەی پێکدەهێنن، ئەم گروپانەش بریتیین لە (ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، حزب). شوناسی کۆمەڵایەتی نەخشەی ڕێکخستنی هێما و مانا هاوبەشەکانە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکدا، هەروەها کۆدی هاوبەشە لە نێوانیاندا ناسنامەی کۆمەڵایەتی "ئێمە" لەنێوان ئەندامانی گروپێکدا دروستدەکات و یەکگرتوویی و یەکگرتن لەنێوانیاندا بەدی دێنێت. لەماوەی پرۆسەی بەردەوام و تەواوی تەمەنی بەکۆمەڵایەتیکردندا، مرۆڤەکان شوناسی کۆمەڵایەتی ئەو گروپانەی، کە بوونەتە ئەندامی یان هەر لە دایکبوونەوە ئەندامبوونیان وەرگرتووە و کردویانەتە بەشێک لە خۆیان (احمدلو ، افروغ،1381، 40). شوناسی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە خۆناسینی مرۆڤ و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر ئەو ناسینی کەسەکان لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کێیە و پێگەی چییە، نیشاندەدات. (قاسمی،1383، 152). شوناسی کۆمەڵایەتی دەکرێت بە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی تاک بۆ خۆی لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە لە کۆمەڵگادا پێناسە بکرێت، کە لە ئەنجامدا تاک لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە ئاگاداری بەها و کەسایەتی خۆی دەبێت (نصرآبادی،1384، 76).

**سێیەم:شوناسی فەرهەنگی(کلتور):**

کۆمەڵێک خوو و بیروباوەڕ و هونەر و مۆسیقی و دەستکەوتەکانی تری بیرکردنەوەی مرۆڤە، کە لەلایەن کۆمەڵێک مرۆڤەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا دروستکراون. شوناسی کولتووری بەقەد خودی کولتوور جێگای گرنگە و شایەنی ڕەچاوکردنە، چونکە پەیوەندی نێوان شێوازی ژیان و دابونەریت و هونەر و پەیوەندییەکانی تری نەوەی گەنج لە ڕێگەی مەعریفە و ناساندنەوە دادەمەزرێت، چونکە پەیوەندی نێوان گەنجان لە ڕێگەی زانین و تێگەیشتن لە شێوازی ژیان و دابونەریت و هونەر و پەیوەندییەکانی ترەوە دادەمەزرێت(محمدی و ئەوانی تر،١٣٩٧، ١٠).

**چوارەم:شوناسی نەتەوەیی:**

بەرزترین ئاستی شوناس بە شوناسی نەتەوەیی وەسفکراوە، کە لە ڕاستیدا وابەستەیی و سەربەخۆیی مرۆڤ بە کۆمەڵگایەکی نەتەوەییەوە نیشاندەدات، کە دەتوانێت ببێتەهۆی پێشکەوتنی زانستی و ئەدەبی و پیشەسازی و پتەوبوونی بناغە کولتوورییەکان. شوناسی نەتەوەیی واتە هەستکردن بە سەربەخۆیی و دڵسۆزی بۆ توخمە هاوبەشەکان و هێماکانی ناو کۆمەڵگەی نەتەوەیی کۆمەڵگا (بە گشتی) و لەنێو سنوورە سیاسییە دیاریکراوەکاندا.

ناسنامەی نەتەوەیی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جوگرافی، مێژووی، کولتووری، ورەبەرزی، کە ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە و ئەندامانی کۆمەڵگا شانازی پێوەدەکات (میرمحمدی،١٣٨٣، 21).

**گرنگی شوناسی نەتەوەیی:**

بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەیی لە هەموو کاتێکدا گرنگە، بەڵام گرنگییەکەی لە سەردەمی ئێستای ئێمەدا زیاتر دەبێت بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردی لەڕووی کراوەیی بەڕووی کولتوورەکانی دیکەدا بەرکەوتەی بەرچاوی هەیە، هەروەها لاساییکردنەوەی بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا بەتایبەت گەنجان لاسایی ڕەفتارەکانی ڕۆژئاوا لە کۆمەڵگاکانمان دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو لاسایکردنەوەیە هاوسەنگ بێت لەگەڵ پێشهاتە هاوچەرخەکان و لە هەمانکاتدا شوناسی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین(العطیبی،٢٠٢٠، ١٨٧). وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی تازە پێگەیشتووەکان یان سەربەخۆکان ،بە تیشک خستنەسەر لایەنە کولتوورییەکانی وەکو: (زمان، هونەر، سروودی نەتەوەیی، ڕووداوە مێژووییەکان، دابونەریت، سیما تەلارسازییەکانیان) دەستیان کردوە بە پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردە، کە شوناسی نەتەوەیی بەرجەستەبکات (الجروان،١٩٩١، ٢٨٣). الطحان و هاوکارانی(2020) گرنگی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی بەم شێوەیە دەستنیشان دەکەن:

- هەستی تاک بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، خۆشەویستی و شانازی بۆ نیشتمانەکەی لە خۆیدا دروستدەکات و هەوڵدەدات ئەو خۆشەویستییە بە شێوەیەک زیادبکات، کە سوودی بۆ نیشتمانەکەی هەبێت.
- چاندنی سەربەخۆیی لەدڵی گەنجاندا، ئارەزووی بەردەوامیان بۆ پێشخستنیان بەرزدەکاتەوە.
- نیشاندانی ئەو بەها و ڕەفتارانەی، کە کۆمەڵگەی کوردی لە ئەوانی دیکە جیادەکەنەوە.
- چارەسەر و پێشنیار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە و بەربەستانەی، کە ڕووبەڕووی تاکەکان دەبنەوە.
- گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان و یەکسانی لە هەموو مافەکاندا، دەربڕینی پێداویستییەکانیان و دابینکردنی خواستە ڕەواکانیان.

**ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی:**

دەتوانرێت گرنگترین ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی بەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

**یەکەم:ڕەهەندی مێژوویی:**

ئەم نیشاندەرانە لەخۆدەگرێت: گەشەسەندنی مێژوویی نیشتمان، ڕۆڵی کولتووری و مرۆیی نیشتمان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، پەیوەندی نێوان ڕووداوە مێژووییە نەتەوەییە جیاوازەکان، ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ناسنامەی نەتەوەیی، ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە بنیاتنانەوە و پشتگیریکردنی نیشتماندا.

sjh@univsul.edu.iq

**دووەم: ڕەهەندی جوگرافی (شوێنی):**

شوێن و پێگەی نەتەوەیی لە جیهاندا، گرنگی مێژوویی شوێنێکی نەتەوەیی، شوێنی ناوچە و شارەکانی وڵات و ئەو ڕووداوە مێژووییانەی، کە تێیدا ڕوویانداوە، ڕۆڵی مێژووی شوێنە نیشتمانییە دیارەکان لە داڕشتنی کاراکتەری نەتەوەیی، کاریگەریی شوێنە جیاوازەکانی وڵات لەسەر شارستانییەتەکانی مرۆڤ.

**سێیەم: ڕەهەندی ئایینی (ئیسلامی):**

شارستانیەتی ئیسلامی، دەستکەوتەکانی و شایستەییەکەی بەسەر جیهاندا، ڕۆڵی زانایانی موسڵمان لە زانست و هونەر و پێکهێنانی بیری ئیسلامی، جیاکردنەوەی کولتوری ئیسلامی لە کولتوورەکانی دیکە، میراتی ئیسلامی نەتەوەیی، و مەترسییەکانی توندڕەوی ئایینی بۆ سەر نیشتمان.

**چوارەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:**

ڕۆڵی هاوڵاتی باش لە بنیاتنانی کۆمەڵگادا، هاوڵاتی بە هەموو خۆبەخشی و دڵسۆزیەوە ئەرکەکانی بەرامبەر بە نیشتمانەکەی ڕاپەڕێنێت، بەرژەوەندی گشتی وڵات لەپێش بەرژەوەندی کەسییەوە دابنێت، دوورکەوتنەوە لە وروژاندنی ململانێ و دووبەرەکی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، گرنگی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا(فیصل،٢٠٢٠، ٢٢).

**پێنجەم: ڕەهەندی ئابووری:**

ئەو دەستکەوتە ئابووریانەی، کە وڵات بەدەستی هێناوە، پاراستنی سەرچاوە ئابوورییەکانی وڵات، بەشداری چالاکانە لە گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی ئابووری وڵات، ڕۆڵی حکومەت لە پاڵپشتیکردنی ئابووریی میللەت لەژێر ڕۆشنایی قەیرانە جیهانییەکان، پاڵپشتیکردنی بەرهەمی نیشتمانی لە بەرامبەر تێچووی بەرهەمی بیانی.

**شەشەم: ڕەهەندی کولتووری(فەرهەنگی):**

کولتووری نەتەوەیی بە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانییەوە، بەشداریکردن وەک هاووڵاتییەک لە بنیاتنانی شوناسێکی کولتووری بە بنەما دامەزراوەکان، هەوڵە نەتەوەییەکان بۆ پاراستنی میراتی کولتووری، مەترسییەکانی لەشکرکێشی کولتووری هاوچەرخ بۆ سەر کولتووری نەتەوەیی، گرنگی کرانەوەی کولتووری ئەرێنی بۆ دەوڵەمەندکردنی کولتووری کوردی هاوچەرخ.

**حەوتەم: ڕەهەندی سیاسی:**

پابەندبوون بە دڵسۆزی، گوێگرتن و گوێڕایەڵی حاکم و سەرکردەکانی میللەت، ڕۆڵی سیاسی هەرێم لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی، لێهاتوویی بۆ بەشداریی سیاسی کاریگەر گرنگی قوربانیدان لە پێناو نیشتمان و سەرکردەکانی لە ئەگەری هێرشکردنە سەر نیشتمان، پرەنسیپی ڕێزگرتن لەو یاسا و ڕێسایانەی، کە وڵات بەڕێوەدەبەن.

**هەشتەم: ڕەهەندی ژینگەیی:**

پێکهێنانی هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە ژینگە، گرنگی ڕۆڵی تاک لە پاراستنی ژینگە، پرۆژە نیشتمانییەکان و هەوڵەکان بۆ پاراستنی ژینگە، ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی ژینگەی سروشتی وڵات دەبنەوە، ڕۆڵی سەرکردایەتی لە پاراستنی سەرچاوە ژینگەییەکان (الحربی، ٢٠٢٢، ١٢٥-١٢٦)

**پێکهاتەکانی شوناسی نەتەوەیی**

پێکهاتە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێکدێت بریتین لە:

- **تایبەتمەندی کەسی:** بریتین لە تەمەن، ڕەچەڵەک، پەیوەندی خوێن، و ڕەگەز.
- **تایبەتمەندییە کولتوورییەکان:** زمان، ئایین، نەتەوە، شارستانیەت، خێڵ و عەشیرەت.
- **تایبەتمەندییە ناوچەییەکان:** گوند، شار، ناوچە، ڕووبەری جوگرافی و کیشوەر.
- **تایبەتمەندی سیاسی:** سەرکردەی کاریزما، ئایدۆلۆژیا، و دەوڵەت.
- **تایبەتمەندی ئابووری:** پیشە، کار، کەرتی ئابووری.
- **تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی:** هاوڕێ، هاوکار، پێگەی کۆمەڵایەتی (هنتنغون،٤٣،٢٠٠٥).

**ڕۆڵی کتێبی خوێندن لە ناسنامەی نەتەوەیی قوتابیاندا**

کتێبی خوێندن ئاوێنەیەکی تەواوە بۆ بینینی سیاسەتی ئایدیۆلۆژی، کولتووری، ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سنوری گشتی و سنوری دەوڵەت، نەتەوە، زمان و ڕەگەز دا(شیخاوندی،١٣٨٠، ٢٥).کتێبی خوێندن ڕەنگدانەوەی ئەو ئامانجە پەروەردەییە خوازراوانەن کە داڕێژەرانی سیاسەتی سیستەمی پەروەردە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن. ئەم سەرچاوە پەروەردەییانە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی پەروەردەیی ناوەندییان هەیە، بە هەمان شێوە گرنگی تایبەتیان هەیە. هاوتەریب لەگەڵ پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی قوتابیان، کتێبی خوێندن ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە دووبارەکردنەوە و سەپاندنی شوناس، بەتایبەتی شوناسی نەتەوەیی. لە ڕەوتی پەروەردەدا منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیدا یەکەم چەمک و بیرۆکەکانی پەیوەست بە شوناسی قەومی-نەتەوەیی فێر دەبێت. پێویستە کتێبی خوێندن هەم لەڕووی پێدانی زانیاری و دروستکردنی هۆشیاری پێویست و زیادکردنی هێزی شیکاری فێرخوازان هەوڵبدات، هەروەها کاریگەریی سۆزدارییان لەسەر دروست بکات و هەستێکی ئەرێنی بەرامبەر بە شوناسی نەتەوەیی لە ئاستە بەرزەکانی بواری سۆزداریدا دروستبکات.(طالبی،١٣٨٧،56).

**توێژینەوەکانی پێشوو**

1.توێژینەوەی(فیاض و قوشچی،1389)بە ناونیشانی(شیکردنەوەی نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی لە کتێبی خوێندنی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی بنەڕەتیدا). ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی لە کتێبی خوێندنی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی بنەڕەتیدا. توێژەران ڕێبازی چۆنایەتی و میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە توێژەران

sjh@univsul.edu.iq

پێیگەیشتوون ئەوەیە کە کتێبی خوێندن کە تەوەری سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە وەک پێویست گرنگی نەداوە بە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی.

2.توێژینەوەی(محمدی و ئەوانی تر،١٣٩٧) بە ناونیشانی (پێگەی شوناسی نەتەوەیی لە کتێبەکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ئێراندا).ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستی گرنگیدانی کتێبی خوێندنی بنەڕەتییە بە شوناسی نەتەوەیی.توێژەر میتۆدی وەسفی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بریتیە لە ٤٣ کتێبی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەران پێیگەیشتوون لە نێو پێکهاتەکانی شوناسی نەتەوەیی (فەرهەنگی، سیاسی، ئاماژەکان)، پێکهاتەی سیاسی بە ٨١٦ بابەت، پێکهاتەی ڕۆشنبیری بە ٨١٣ بابەت و ئاماژەکان بە ٧٩٠ بابەت لە کتێبی خوێندندا بەکارهێنراون. هەروەها، دەرەنجامەکان دەریانخستووە کە بەرزترین بەهای ڕێژەی گرنگی لە کتێبی خوێندنی پۆلی سێیەم بووە و کەمترین بەهای گرنگی لە پۆلی دووەم بووە.

3.توێژینەوەی(الحربی،٢٠٢٢) بە ناونیشانی(ڕۆڵی بڕیارلێدراوی مێژوو لە بەرزکردنەوەی ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە سیستەمی خوێندن لە شانشینی سعودیە).ئامانجی توێژینەوەکە بریتیەلە دەستنشانکردنی ڕۆڵی بڕیارلێدراوی مێژوو لە بەرزکردنەوەی ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی لە نێوان خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە سیستەمی خوێندن لە شانشینی سعودیە.توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە. نموونەی توێژینەوەکەش لە(١٨٠)خوێندکار پێکهاتووە .لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێیگەیشتووە دەرکەوتووە ئاستی ڕەهەندە مێژوویی و جوگرافییەکان بەرز بووە بە ڕێژەی(100%)، تێکڕای ڕەهەندە ئایینی،ئابووری،سیاسی و عەرەبییەکان مامناوەند بووە بە ڕێژەی(60%)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ژینگەییەکان لاواز بووە بە ڕێژەی(40%).

**تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر:**

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووتر کە لە بارەی شوناسی نەتەوەییەوە ئەنجام دراون، وەکو توێژەران تێبینی ئەوەمان کردووە کە بابەتی شوناسی نەتەوەیی جێگای بایەخی توێژەران بووە لە سەرجەم قۆناغەکاندا (بنەڕەتی، ئامادەیی، زانکۆ) بەڵام تێبینی ئەوە کراوە زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر قۆناغی بنەڕەتی کراوە، کە زۆربەی توێژینەوەکان باس لە ڕۆڵ و گرنگی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن لە شوناسی نەتەوەیی دەکەن لای قوتابیان، توێژینەوەکەی ئێمەش لە سەر قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتییە وەکوو توێژینەوەکەی (فیاض و قوشچی،١٣٨٩)و(محمد و ئەوانی تر،١٣٩٧).هەموو توێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەیە لە گرنگیدان بە شوناسی نەتەوەیی لای قوتابیان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا. توێژەران لە ڕووی تیۆرییەوە سوودیان لەم توێژینەوانە وەرگرتووە.لەڕووی ئامانجەوە توێژینەوەکانی پێشوو هەوڵی شیکردنەوەی پێگەی شوناسی نەتەوەییان لە کتێب و بڕیارلێدراوەکانی خوێندندا داوە، وەکو چۆن ئێمەش هەوڵی بەدەرخستنی شوناسی نەتەوەیی لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا دەدەین.

سەبارەت بە میتۆدی تویژینەوە لە توێژینەوەکانی پێشوودا میتۆدی وەسفی و شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەکارهاتووە، ئێمەش لەم تویژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی(شیکردنەوەی ناوەڕۆک)مان بەکارهێناوە.سەبارەت بە کۆمەڵگا و نموونەی تویژینەوە لە توێژینەوەکانی پێشووتردا لە وڵاتی ئیران و سعودیە ئەنجام دراون و نمونەی تویژینەوەکان بریتین لە کتێب و بڕیارلێدراوی خوێندن و یەکێک لە توێژینەوەکان خوێندکاران نموونەی توێژینەوەن، کۆمەڵگا و نمونەی ئێمەش بریتیە لە کتێبی بریارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

## بەشی سێیەم:ڕێکارییەکانی توێژینەوە

### میتۆدی توێژینەوە

توێژەران میتۆدی وەسفی(شیکردنەوەی ناوەڕۆک)یان بەکارهێناوە بەهۆی گونجاوی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە. میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆک یەکێکە لەو میتۆدانەی کە لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی(وتار، نووسین، کتێب، پرۆگرامی خوێندن، چیرۆک، گۆڤار و ڕۆژنامە و توێژینەوەی زانستی و هەموو بڵاوکراوەکانی تر) دەکات بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو بەها و ئایدۆلۆژیا و ناوەڕۆک و ئامانجانەی کە نووسەر مەبەستیەتی و جەختی کردووەتە سەریان(قەرەچەتانی،١٤٣،٢٠٢٣).

### کۆمەڵگای توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی (بازنەی دووەم) لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. کە ساڵی ٢٠٢٤ بۆ جاری دووەم لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنەوە چاپ کراوە. کتێبی بریارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلەکانی وەک پۆلی چوارەم ژمارەی سپاردن(٢٢٧) ساڵی (٢٠٢٣)، پۆلی پێنجەم ژمارەی سپاردن (٢٢٨) ساڵی (٢٠٢٣)، پۆلی شەشەم ژمارەی سپاردن (٢٢٩) ساڵی (٢٠٢٣).

### نموونەی توێژینەوە

نموونەی توێژینەوە پێکدێت لەکتێبی بریارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی(چوارم، پێنجەم، شەشەم)ی بنەڕەتی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.

### ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە:

دوای بەدوای بەدەستهێنانی کتێبی بریارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دووەم، خوێندنەوەیەکی وورد بۆ ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە، توێژەران هەستان بەدیاریکردنی ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەی کورد کە پێکدێن لە ڕەهەندی مێژووی و ڕەهەندی جوگرافی شوناسی نەتەوەیی لەو کتێبانەدا.

**ڕاستگۆی توێژینەوە**

لەپاش دیاریکردنی نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەن توێژەرانەوە ئاراستەی کۆمەڵێک پسپۆری بواری مێژوو و جوگرافیا کرا کە پێنج لە بەڕێزان لە پسپۆری مێژوو و پێنجی دیکەیان لە پسپۆڕی جوگرافیا بوون کە بە کۆی ڕاوبۆچوونی پسپۆڕان سەرجەم نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی کە توێژەران دیاریان کردبوو پەسەندکرا ڕەهەندی مێژووی بەڕێژەی(٨٠%) و ڕەهەندی جوگرافی بەڕێژەی(٨٥%).

**جێگیری توێژینەوە**

دوابەدوای پەسەندکردنی نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی لەلایەن پسپۆڕانەوە توێژەران بەمەبەستی جێگیری،ئاراستەی(١٠)مامۆستای پسپۆری بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان کرا، کە ١٠ ساڵ ئەزموونی وانەوتنەوەیان هەبووە. بەکۆی دەنگی هەمووان سەرجەم نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد پەسەندکرا بە(٩٥%).

**ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکارکردنی داتاکان،توێژەران پەنایان بردووەتەبەر بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ دیاریکردنی ڕێژەی سەدی هەریەک لەو تایبەتمەندی و نیشانانەی ئاماژە بە شوناسی نەتەوەی کورد دەکەن لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتەکۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دووەم.

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times 100$$ (طبية، 2008، 126)

sjh@univsul.edu.iq

**بەشی چوارەم:شیکاریەکانی توێژینەوە**

**١. شیکردنەوەی ڕەهەندی مێژوویی شوناسی نەتەوەی کورد  لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.**

**خشتەی (١)**

**ڕەهەندی مێژووی لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان**

| بابەتە کۆمەڵایەتییەکان<br>نیشانەکانی شوناسی نەتەوە | پۆلی چوارەم | پۆلی پێنجەم | پۆلی شەشەم | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەسایەتیە ناودارەکان | ٢ | ٧ | ٥١ | ٦٠ | ٤١.٦٦ | ١ |
| شوێنەوار و ئەشکەوتەکان | ١٤ | ٩ | ٥ | ٢٨ | ١٩.٤٤ | ٢ |
| شۆڕش و ڕاپەڕین | - | - | ١٦ | ١٦ | ١١.١١ | ٣ |
| کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان | - | - | ١٠ | ١٠ | ٦.٩٤ | ٤ |
| میرنشینەکان | - | ٢ | ٧ | ٩ | ٦.٢٥ | ٥ |
| نەتەوە دێرینەکان | - | ٨ | - | ٨ | ٥.٥٥ | ٦ |
| ناوی کوردستان | ١ | - | ٣ | ٤ | ٢.٧٧ | ٧ |
| مۆزەخانە | ٣ | - | - | ٣ | ٢.٠٨ | ٨ |
| جەژنی نەورۆز | ١ | - | ١ | ٢ | ١.٣٨ | ٩ |
| کیمابارانی هەڵەبجە | ١ | - | ١ | ٢ | ١.٣٨ | |
| ئەنفال | - | - | ١ | ١ | ٠.٦٩ | ١٠ |
| ساڵنامەی کوردی | ١ | - | - | ١ | ٠.٦٩ | |
| کۆی گشتی | ٢٣ | ٢٦ | ٩٥ | ١٤٤ | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (١) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕەهەندی مێژووی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو بریتیە لە (١٤٤) نیشانە و شوناس بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد بە قوتابیان، بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو گرنگیەکی زۆری داوە بە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد بەڕێژەی(٤١.٦٦%)، لەناو ئەو کەسایەتییە ناودارانەشدا ناوی شەش ئافرەت دەبینرێت کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە مێژووی نەتەوەی کورددا ئەوانیش بریتین لە(عادیلە خانمی جاف، لەیلا قاسم، حەپسەخانی نەقیب، قەدەم خێر، لەیلا زانا، ڕەوشەن بەدرخان).هەروەها شوێنەوار و ئەشکەوتەکان بەپلەی دووەم دێن لە ناساندنی شوناسی نەتەوەی کورد بە ڕێژەی(١٩.٤٤%)،پاش ئەوەش شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بەپلەی سێیەم دێت بەڕێژەی(١١.١١%)، دواتر کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان بەپلەی چوارەم دێن لە ناساندنی شوناسی نەتەوەی کورد بەڕێژەی(٦.٩٤%).هەروەها میرنشینەکان،نەتەوە دێرینەکان، ناوی کوردستان، مۆزەخانە، جەژنی نەورۆز، کیمابارانی هەڵەبجە، ئەنفال،ساڵنامەی کوردی پلەی پێنج تا دەیەمیان گرتووە لەناساندنی شوناسی نەتەوەی کورد بە قوتابیانی بازنەی دووەم لە قۆناغی بنەڕەتی.نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی

sjh@univsul.edu.iq

خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بەپلەی یەکەم دێت بە(٩٥) نیشانە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بڕیارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەم گرنگیەکی بەرچاوی داوە بە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی و ئاشناکردنی بە قوتابیان،هەروەها بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەم بە پلەی سێیەم دێت لە گرنگیدان بە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بە (٢٣) نیشانە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەمترین گرنگی دراوە بە شوناسی نەتەوەی کورد لەم کتێبەدا.

**٢. شیکردنەوەی ڕەهەندی جوگرافی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو لە هەرێمی کوردستان.**

**خشتەی(٢)**

**ڕەهەندی جوگرافی لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان**

| بابەتە کۆمەڵایەتییەکسان نیشانەکانی شوناسی نەتەوە | پۆلی چوارەم | پۆلی پێنجەم | پۆلی شەشەم | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شارەکان | ٥ | ١١ | ٥٠ | ٦٦ | ٥١.١٦ | ١ |
| سامانی کانزا و پیشەسازی | - | ٦ | ٨ | ١٤ | ١٠.٨٥ | ٢ |
| بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان | - | ٦ | ٥ | ١١ | ٨.٥٢ | ٣ |
| بەروبوومی پیشەسازی | - | ٤ | ٤ | ٨ | ٦.٢٠ | ٤ |
| سەرچاوەکانی ئاو | ٢ | ٣ | ١ | ٦ | ٤.٦٥ | ٥ |
| زاراوەی هەرێمی کوردستان | - | ٢ | ٣ | ٥ | ٣.٨٧ | ٦ |
| شارە دێرینەکان | ٥ | - | - | ٥ | ٣.٨٧ | |
| ڕووەکی خۆڕسک | ١ | ٢ | ٢ | ٥ | ٣.٨٧ | |
| خاکی هەرێمی کوردستان | - | ٢ | ٢ | ٤ | ٣.١٠ | ٧ |
| شوێن وپێگە و سنوری هەرێم | - | ٣ | - | ٣ | ٢.٣٢ | ٨ |
| ژینگە | ١ | ١ | - | ٢ | ١.٥٥ | ٩ |
| کۆی گشتی | ١٤ | ٤٠ | ٧٥ | ١٢٩ | %١٠٠ | |

خشتەی ژمارە (٢) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕەهەندی جوگرافی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو بریتیە لە (١٢٩) نیشانە و شوناس بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد بە قوتابیان، بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دوو گرنگیەکی زۆری داوە بە ناوی شارەکان بەڕێژەی(٥١.١٦%)، ئەوەش بۆ ئاشنابوونی قوتابیان بە ناوی شارەکان و گرنگی ئەو شارانە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە بۆ کاتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان پەناگەیەک بووە بۆ نەتەوەی کورد بۆ خۆپاراستنیان لە دوژمن.هەروەها سامانی کانزای و پیشەسازی بەپلەی دووەم دێن لە ناساندنی شوناسی نەتەوەی کورد ئەو کانزا و پیشەسازیانەی کە بوونەتەوەی هۆی ناساندنی نەتەوەی کورد لە جیهاندا بەتایبەتی کانزای وەکو نەوت بە ڕێژەی(١٠.٨٥%)،پاش ئەوەش بەنداوەکان بەپلەی سێیەم دێت بەڕێژەی(٨.٥٢%) کە سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ گلدانەوەی ئاو کە پێشبنی دەکرێت

لە داهاتوودا کەمی ئاو لە جیهاندا کێشە دروست بکات، جگەلەوانەش هەریەک لە بەروبوومی پیشەسازی، سەرچاوەکانی ئاو، زاراوەی هەرێمی کوردستان،شارە دێرینەکان، ڕووەکی خۆرسک، خاکی هەرێمی کوردستان،شوێن و پێگە و سنوری هەرێم، ژینگە، پلەی چوارەم تا پلەی نۆیەمیان گرتووە لەناساندنی شوناسی نەتەوەی کورد بە قوتابیانی بازنەی دووەم لە قۆناغی بنەڕەتی.نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد لە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بەپلەی یەکەم دێت بە(٧٥) نیشانە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەم گرنگەکی بەرچاوی داوە بە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی و ئاشناکردنی بە قوتابیان،هەروەها کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەم بە پلەی سێیەم دێت لە گرنگیدان بە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بە (١٤) نیشانە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەمترین گرنگی دراوە بە شوناسی نەتەوەی کورد لەم کتێبەدا.وەکو توێژەران ئاماژەی ئەوەمان کردوە کە کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە ڕووی مێژووی و جوگرافیەوە گرنگیەکی بەرچاوی داوە بە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد و بە پلەی یەکەم دێت بە (١٧٠)نیشانە، هەروەها کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنجەم پلەی دووەمی گرتووە لە گرنگیدان بە شوناسی نەتەوەی کورد بە (٦٦) نیشانە. بەڵام کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەم بە پلەی سێیەم دێت کە کەمترین گرنگی داوە بە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بە(٣٧)نیشانە.

**بەشی پێنجەم:دەرئەنجامی توێژینەوەکە**

**دەرئەنجامی توێژینەوەکە**

توێژەران لە توێژینەوەکەدا بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتوون:

١. ڕەهەندی مێژووی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی زیاتری داوە بە شوناسی نەتەوەیی لە چاو ڕەهەندی جوگرافی.

٢. کەسایەتییە ناودارەکان لە بڕیارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا پشکی شێریان بەرکەوتووە هۆکاری سەرەکین لە ناساندی نەتەوەی کورد بە قوتابیان ئەو کەسایەتیانەش بریتین لە کەسایەتی (سیاسی، ئاینی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی وەکو شاعیران).

٣. ناوی شارە کوردییەکان لە هەرچوار پارچەی کوردستان گرنگیەکی بەرچاوی پێدراوە لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شارانە زۆرجار بەر شاڵاوی داگیرکاری دوژمنانی کورد بوونەتەوە و داگیرکراون هەندێکجاریش تووشی ڕووخان و سووتان بوون.

٤. شوێنەوار و ئەشکەوتەکان کە یەکێکن لە نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی کورد گرنگیەکی بەرچاوی هەبووە لە پاراستنی کورد بەگشتی و سەرکردایەتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بەتایبەتی.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٥. ئاشناکردنی قوتابیان بە سرودی نیشتیمانی گرنگیدان بە پاراستنی ئاڵا و ڕۆژە نەتەوەییەکان و نارچارکردنی قوتابیان بەبەشداریکردن لە یادکردنەوەی بۆنە نیشتیمانیەکاندا.

٦. ئاشانکردنی قوتابیان بە پاراستنی دەستکەوتی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی پێشوو کە بنەمای سەرەکی ئازادییمانن لە ئێستادا و گرنگیدان بە یەکڕیزی و برایەتی لای قوتابیان.

٧. کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەم کەمترین نیشانەی  شوناسی نەتەوەیی تێدایە، بەراورد بە پۆلی پێنجەم و شەشەم.

٨. کتێبی بڕیارلێدراوی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی دووەم بەبێ جیاوازی هەرسێ ئاستەکە گرنگی نەداوە بە بۆنە نیشتیمانییەکان وەکو (ڕاپەرین و ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی جلی کوردی و ساڵی نوێی کوردی).

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە**

تویژەران ئەم ڕاسپاردانە بەمەبەستی چارەسەری کێشەکان و گرنگیدانی زیاتر بە شوناسی نەتەوەی کورد بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەخەنەڕوو:

١. بەو پێیەی کتێبی بڕیارلێدراوی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەم کەمترین نیشانەی  ناسنامەی نەتەوەیی تێدایە، پێداچوونەوەی جدی بۆ بکرێت.

٢. گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و چەسپاندن و گرنگیدانی زیاتر بەبۆنە نیشتیمانییەکان وەکو (ڕاپەڕین و ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی جلی کوردی و ساڵی نوێی کوردی)و ناساندنی بە قوتابیان بۆ ئاگاداربوون لەمێژووی میللەتەکەمان.

٣. بایەخدان بە هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی دیکە لە پرۆگرامی خوێندن و ڕازیبوون بە جیاوازییە کولتوورییەکانی هەموو ئەو کەسانەی کە لە کوردستاندا دەژین. وەکو کەمە نەتەوایەتییەکانی (عەرەب و تورکمان و کلدانی و ئاشووری و ئێزیدیەکان).

**پێشنیازەکانی توێژینەوەکە**

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەسەر ڕەهەندەکانی ناسنامەی نەتەوەیی لە ئاستەکانی تری خوێندن و کتێبی بڕیارلێدراوی بابەتەکانی تردا لە قۆناغی بنەڕەتی.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری لایەن و هۆکارەکانی تری سیستەمی پەروەردە وەک مامۆستایان، ژینگەی پەروەردەیی قوتابخانەکان، بەڕێوەبەران لە پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی لای قوتابیان.

٣.ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر کاریگەری خێزان لە گرنگیدان بە شوناسی نەتەوەی کورد لای منداڵەکانیان.

sjh@univsul.edu.iq

## لیستی سەرچاوەکان

### توێژینەوەکان:


- احمدلو،حبیب و افروغ، عماد(1381). رابطه هویت ملی و هویت قومی در بین جوانان تبریز، فصلنامه علمی-پژوهشی، دوره4، شماره 13.
- احمدی،حمید(1383). هویت ملی ایرانی، ویژگی‌ها و عوامل پویایی آن، مجموعه گفتارهایی درباره هویت ملی در ایران به کوشش دارر‌د میر محمدی، موسسه مطالعات ملی، تهران.
- الجروان، عبدالرحمن علي (١٩٩١). مستقبل الهوية الوطنية، شؤون اجتماعية، المجلد(٢٩)، العدد٨.
- الحربى،عبدالرحيم نويجع جابر(٢٠٢٢).دور منهج التاريخ في تعزيز أبعاد الهوية الوطنية لدى طلاب التعليم الثانوي نظام المقررات بالمملكة العربية السعودية، مجلة البحث في التربية وعلم النفس، مجلد 37، عدد ٤.
- حیدری،محمد(1383). هویت در ایران با تأکید بر هویت‌های ملی ودینی، آموزش و پرورش و گفتمان-های نوین، پژوهشکده تعلیم م تربیت، شماره٣١.
- رون، سید امیر(١٣٩٠).هویت یابی نسل کودک و نوجوان ؛ تأثیر آموزش تاریخ در شکل گیری هویت ملی از منظر برنامه درسی ملی، رشد آموزش تاریخ، زمستان، شماره 45(2).
- سمین،سرحد محمد(٢٠١٩). ڕۆڵی بڕیارلێدراوی خوێندن لە بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی لە دیدی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتییەوە(توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ناوەندی قەزای کەلار)،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٦ (١).
- شیخاوندی،داور(١٣٨٠). ناسیونالسیم و هویت ایرانی، مرکز باز شناسی اسلام و ایران،تهران، شماره٤٤.
- العتيبي، ارشد غازي(٢٠٢٠). دور إدارة الموارد البشرية في تعزيز الهوية الوطنية لدى العاملين بالجامعات السعودية، جامعة شقراء نموذجا، المؤتمر الدولي للهوية الوطنية في ضوء رؤية المملكة العربية السعودية٢٠٣ ، جامعة شقراء، شقراء، المملكة العربية السعودية.
- فیاض،ایراندخت و قوشچی،فریبا ایمانی(١٣٨٩). بررسی نهادهای هویت ملی در کتاب های درسی تاریخ و علوم اجتماعی دوره متوسطه رشته‌های علوم انسانی،تجربی و ریاضی فیزیک در سال تحصیلی ٨٩-١٣٨٨، فصلنامه روانشناسی تربیتی، شماره هفدهم، سال ششم، تابستان٨٩.
- فيصل، عبير عبدالمنعم(٢٠٢٠). فاعلية دمج مفاهيم الأمن الفكري في منهج علم الاجتماع بالمرحلة الثانوية لتعزيز الهوية الوطنية. مجلة الجمعية التربوية للدراسات الاجتماعية، المجلد١٧، العدد١٢٤.
- قاسمی، یارمحمد. (1383). بررسی میزان تعلق خاطر دانش آموزان دوره متوسطه به هویت ملی. پژوهش در مسایل تعلیم و تربیت، (2-1).
- الطحان، حسن عباس؛ وسحلول، السيد أحمد؛ الشربيني، نبيل عوض؛ العلياني، طامي مشعل؛ ومحمد، محمد علي؛ المالكي، عطية فهد؛ مصطفى، مصطفى عبدالحميد(٢٠٢٠). قائمة معايير مقترحة لتشكيل


sjh@univsul.edu.iq

الهوية الوطنية لتلاميذ المرحلة الابتدائية بالمملكة العربية السعودية في ضوء آراء معلميهم .المجلة التربوية، ٧٠، جامعة سوهاج، مصر.

- الطيار، مهند سعود( 2020 ). دور الجامعات السعودية في تعزيز الهوية الوطنية، جامعة الملك سعود أنموذجا، المؤتمر الدولي للهوية الوطنية في ضوء رؤية المملكة العربية السعودية 203 ، جامعة شقراء، شقراء، المملكة العربية السعودية.
- محمدی،مهدی، صفری،فرشته و هرندی،رضا جعفری(١٣٩٧). جایگاه هویت ملی در کتاب های درسی دوره ابتدایی ایران، دوفصلنامة علمی - پژوهشی پاسداری فرهنگی انقلاب اسلامی دانشکده علوم انسانی اسلامی و قدرت نرم دانشگاه افسری و تربیت پاسداری امام حسین( ع)، سال هشتم، شماره ١٧ ، بهار و تابستان ١٣٩٧.
- نصرآبادی،محمد کارکنان(1384). جنگ و هویت ملی، فصلنامه هویت ملی، سال ششم، شماره دوم.

**ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا:**

- طالبی، سکینه(1387). تحول هویت ملی دانش‌آموزان دختر دوره‌های تحصیلی ابتدایی، راهنمایی، متوسطه، پایان نامه کارشناسی ارشد(چاپ نشده)، دانشگاه تربیت مدرس.

**کتێبەکان:**

- ابراهيم، عبدالطيف، احمد، سعد(١٩٨٠). الموارد الاجتماعيه وتدريسها، مكتبه المصريه، القاهره.
- طبيه، احمد عبدالسميع(2008).س مبادىء الاحصاء، دار البدايه، عمان، الاردن.
- سكرانى، محمد(٢٠٠٢). اساليب تدريس الدراسات الاجتماعيه، دار للنشر ولتوزيع، عمان، الاردن.
- سليمان، عرفات عبدالعزيز(١٩٨٢). المعلم والتربية، ط٢، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
- قەرەچەتانی،کەریم شەریف(٢٠٢٣). رێبازەکانی توێژینەوەی زانستی، چاپخانەی زبان صلح، تەهران.
- ملكی، حسن(١٣٨٧). مبانی برنامه ریزی درسی آموزش متوسطه، انتشارات سمت، تهران.
- هنتنغون،صامويل(٢٠٠٥). من نحن، التحديات التي تواجه الهوية الأمريكية، ترجمة:حسام الدين حضور، دار الرأي للنشر.

**الملخص:**

هدفت البحث الى دراسة مكانة الهوية القومية للكورد في المقررات الدراسية علوم الاجتماعيات في المرحلة الابتدائية في اقليم كوردستان. استعان الباحثون بالمنهج الوصفي وطريقة تحليل المضمون. ومجتمع البحث هو الحلقة الثانية من مادة الاجتماعيات للصف الرابع والخامس والسادس الابتدائي للسنة الدراسية 2024-2025 .وبعد قراءة متأنية ودقيقة للحلقة الثانية للمقرر المذكور استطاع الباحثون تحديد وإبراز العديد من المؤشرات والخصائص التارخية والجغرافية للهوية القومية في تلك المقررات، وقد توصل البحث الى مجموعة من النتائج، منها: في المنهج الدراسي للمرحلة الابتدائية اشتملت المقررات الدراسية لمادة الاجتماعيات على العديد من المؤشرات المهمة والخاصة التي تشير الى الهوية القومية للكورد، فمن الناحية التاريخية تشمل هذه المؤشرات الحديث عن التقويم الكوردي، وعيد نوروز، والثورات والانتفاضات الكوردية، والإمارات القومية، وجمهورية كوردستان، والشخصيات الكوردية البارزة، والقوميات القديمة، وعمليات الانفال وحلبجة، وكهوف كوردستان وآثرها، والمتاحف وغير ذلك. أما من الناحية الجغرافية فقد تمثل ذلك بذكر مصطلح(اقليم كوردستان)، والحديث عن خريطة كوردستان ومكانتها، والمدن القديمة في كوردستان، والنباتات الطبيعية ومصادر المياه، والانتاج الصناعي والمعادن في اقليم كوردستان..الخ. ولا شك أن الحديث عن كل ذلك له أثره في التعريف بالهوية القومية الكوردية للكورد عند التلامذة، لقد أعطى البعد التاريخي للعلوم الاجتماعية أهمية اكبر للهوية الوطنية مقارنة بالبعد الجغرافي. كما كانت للشخصيات الشهيرة في المقررات الاجتماعية حصة الأسد في تعريف القومية الكوردية بالتلاميذ، وكانت السبب الرئيسي في ذلك، وتشمل هذه الشخصيات (شخصيات سياسية ودينية وثقافية وأدبية مثل الشعراء). يشتمل كتاب مقرر العلوم الاجتماعية للصف الرابع على أقل قدر من مؤشرات الهوية الوطنية مقارنة بالصفين الخامس والسادس. ويوصي الباحثون الجهات المعنية بضرورة مراجعة الكتب المدرسية للمواد الاجتماعية للصف الرابع الابتدائي بشكل جدي، لأنها تحتوي على أقل قدر من مظاهر الهوية الوطنية. كما يوصي الباحثون بإجراء تغييرات في المناهج الدراسية وتوحيدها والاهتمام بشكل أكبر بالأعياد الوطنية مثل (الانتفاضة، الأنفال، الهجوم الكيميائي على حلبجة، يوم العلم، يوم الملابس الكردية ورأس السنة الكردية) وتعريف الطلاب بتاريخ وطننا.

**الكلمات المفاتيح: الهوية-** الهوية القومية- المقرر الدراسي- المواد الاجتماعية**.**

sjh@univsul.edu.iq

**Abstract**

The aim of this study is to analyze the reflection of Kurdish national identity in the decision-making to study social subjects in primary schools in the Kurdistan Region.

In this study, the descriptive method (content analysis) has been used. The research community consists of the decided textbooks of social subjects in all three grades of fourth, fifth and sixth primary cycle two, the academic year 2024-2025, after a careful and in-depth reading of the social issues decisions in the second cycle, the researchers present several signs and historical and geographical characteristics of national identity mentioned in these decisions. The research concluded that the curriculum of the second cycle of primary schools, the decisions on social issues with several important and specific signs indicate the identity of the Kurdish nation. Historically, these symbols include the Kurdish calendar, Newroz feast, revolutions and uprisings, emirates, the Kurdistan Republic, famous personalities, ancient nations, Anfal and chemical attack on Halabja, Kurdistan's monuments and caves, museums, etc. However, geographically, the signs of national identity include the dialect of the Kurdistan Region, the geographical location of the Kurdistan Region, the ancient cities of the Kurdistan Region, the territory of the Kurdistan Region, natural plants, water resources, industrial products, Minerals and Industry in the Kurdistan Region...etc. Each of these signs has a significant impact on the identity of the Kurdish nation among students. The historical dimension of social issues has given more importance to national identity than the geographical dimension. Famous personalities have also played the lion's share in deciding social issues. They are the main reasons for introducing the Kurdish nation to students. These personalities include political, religious, cultural and literary figures such as poets. The fourth grade social issues decision book contains the least signs of ethnic identity, compared to the fifth and sixth grades. The researchers make several recommendations to the stakeholders to seriously revise the textbooks of grade four social subjects that contain the least signs of ethnic identity. Also, changes in the curriculum and consolidation and more attention to national holidays such as (uprising, Anfal, chemical attack on Halabja, Flag Day, Kurdish clothes day and Kurdish New Year) and introduce students to be aware of the history of our nation.

**Keywords:** Identity, national identity, study Decision-making, social issues

sjh@univsul.edu.iq